# ئازادی ژن لەکوێ... وەزیرایەتی لەکوێ؟!

**حەسەن جودی**
Hesen_cudi@yahoo.com

دوای ئەوەی پێنجەمین کابینەی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان راگەیەنرا و لەچل و دوو وەزارەت تەنها سێ وەزارەت درا بەژنان، لەئاستی تاك و رێکخراوەکانی ژناندا دەنگی ناڕەزایی بەرز بۆوە و تاڕادەی "هەفتەی هەڵوێست" وەرگرتن پەرەی سەندووە.

بەرلەهەموو شتێك هەڵوێستی ئەو کابینەیە و چوار کابینەکەی رابردووش بەرامبەر پێگە و ماف و ئازادییەکانی ژنان هەڵوێستێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو، چونکە ئەو ئەقڵییەتەی ئەو کابینەیەو تەواوی دەسەڵاتی لەباشووری کوردستان پێ بەڕێوە بردووە و بەڕێوەی دەبات ئەقڵییەتێکی تا دواڕادە بۆگەن و پیاوسالارو دەسپۆتەو بەشێوەیەکی مافیاگەرایی و هەرەمەکی و فیرعەونانە دەسەڵات بەڕێوە دەبات، نەك ماف و ئازادییەکانی ژنان ـــ کە کرۆك و گەوهەری سەرجەم ماف و ئازادییەکانی دیکەی مرۆڤە، تەنانەت سادەترین ماف و ئازادییەکان، کە دابینکردنی خزمەتگوزاری و ئازادی دەربرین و ژینگەپارێزی و ئاسایش بنچینەترین مافی هاووڵاتیانە، بۆ هاووڵاتیان بەڕەوای نابینێ و دابینی ناکات. چ جای مافی ژنان؟! ئیدی چاوەڕێی چی لە کابینەی پێنجەم دەکرێت کە کۆی گەندەڵییەکانی چوار کابینەکەی رابردووی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە و لوتکەی پیاوسالارێتییە؟.

ژنان لەم کابینەیە ناڕازیین، چونکە لە 42 وەزارەت تەنها 3 وەزارەتیان بەژنان داوە. ناڕەزایی و یاخیبوونی ژنان نەك هەر لەو کابینەیە بەڵکو لەسەرجەم ئەو سیستەمە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کوولتوری، سیاسی وەدادوەرییە باڵادەستە نەك هەر مافێکە، بەڵکو ئەرکێکیشە و پێویستە لەتێکۆشانی ئازادیخوازانەی رەگەزیدا لە ئەولەویات دابنرێت. بەڵام کاتێك ئەو ناڕەزایی و هەڵوێست وەرگرتنە تەنها لەوە قەتیس بمێنێ کە لەکۆی 42 وەزارەت 3 وەزارەت دەدرێت بەژنان ئەمە جێی تێڕامان و لێوردبوونەوەیە. چونکە لەپشت ئەمە چەمکێکی مەترسیدار و خەڵەتێنەر شاراوەیە. ئەو چەمکەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە "**ماف و ئازادیەکانی ژنان بەگەیشتنە دەسەڵات دێتە دی!!**" ئەمە لەکاتێکدایە کە دەسەڵات هەم لەرووی ئەقڵییەت و هەم لەرووی سیستەمەوە نزیکەی 5000 ساڵە ژنی لەگەوهەری خۆی و لەمرۆڤبوونی خۆی داماڵیوە و بێناسنامە و بێ ئیرادەی کردووە، کردوویەتی بە بوونەوەرێکی دەرەوەی مرۆڤ و تا ئاستی بەکاڵاکردنی بردووە. داخۆ چۆن دەتوانرێ بە بەشداربوون لە دەسەڵاتێکی پیاوسالاری بەمجۆرە ماف و ئازادییەکانی ژنان بەهەبوونی دە وەزیر یان بیست وەزیری ژن بپارێزرێت، لەکاتێکدا وەزیرەکان چ ژن بن یان پیاو یان نێرەمووك هەر هەمووی بەئەقڵییەتی پیاوسالاری هەڵسوکەوت بکەن؟ تەنانەت ئەگەر هەموو وەزیرەکان و سەرۆك وەزیریش هەر ژن بن بەبێ گۆڕینی ئەو ئەقڵییەت و سیستەمی پیاوسالارییە هەرگیز ماف و ئازادییەکانی ژنان و پێگەی شایستەیان دابین ناکرێت و ناپارێزرێت. تۆ چ لەژنێك دەکەیت کەبەئەقڵییەتی پیاوسالاری کاری وەزیرایەتی و دەستڕۆیی دەسەڵاتی خۆی بەڕێوەدەبات؟ پێشەنگانی ژنان لەجیهاندا بەگشتی، وەك رۆزا لۆکسۆمبۆرگ و کلارازێتکین و سیمۆن دیبۆڤار و بزاڤی فێمینستی بەتایبەتی هیچ کاتێك لەتێکۆشانی ئازادیخوازانەی رەگەزی خۆیاندا گەیشتنە دەسەڵاتیان بەزامنی ماف و ئازادییەکانی ژنان نەزانیوەو ((گۆڕانی ریشەیی لەبارودۆخی کۆمەڵ))یان لەنێو دەسەڵاتدا نەبینیوە بەڵکو لەنێو خودی کۆمەڵگاداو لەئاستی تاکەکاندا بینیوە. بۆیە **ئەگەر هەڵوێست نواندنی ژنان هەر تەنیا بەهۆی کەمی وەزیرە ژنەکان بێت لەو کابینەیەدا ئەوە چەمکێکی بەرەواژی چەمکی ئازادی ژنانە**، چونکە ماف و ئازادییەکانی ژنان بە گەیشتنە دەسەڵات نایەتە دی و ناپارێزرێ، بەڵکو خودی دەسەڵات خۆی میکانیزمی بنچینەیی کۆیلەکردن و زەلیلکردنی ژنان و تەواوی مرۆڤایەتیشە.

کاتێك پێگەی ژنان لەنێو دەسەڵات واتای خۆی هەیە کاتێك ئەو ئەقڵییەت و سیستەمەی لەپشت دەسەڵاتەوەیە گۆڕانی ریشەیی بەسەرداهاتبێت و خودی دەسەڵات لاواز و بچووك کرابێتەوەو لەئاستی کۆمەڵگا و تاکەکاندا ماف و ئازادی ژن سەقامگیر بووبێت، واتە ماف و ئازادییەکان لەخوارەوە بۆ سەرەوە هەڵدەکشێ نەك بەپێچەوانەوە!!.

لەلایەکی دیکەوە، ئەو هەڵوێست نواندن و ناڕەزاییە کاتێك واتادار دەبوو کە دەیان و سەدان "هەفتەی هەڵوێست"ی دیکە لەو 15 ساڵەی رابردوو لەبەرامبەر سەرجەم ئەو پێشێلکاری و نادادییەی دەرهەق بەژنان کراوە ئەنجام درابووایە، لەم 15 ساڵەدا بەدەیان هەزار ژن لەباشووردا کوژراون یان خۆیان سووتاندووەو خۆیان کوشتوو یان دەستدرێژی زایەندییان کراوتە سەرو لێیان دراوە، کوا

لەبەرامبەر ئەم هەموو تراژیدیایانە ڕێکخراوەکانی ژنان چەند "هەفتەی هەڵوێست"یان ئەنجام دا؟!. هەڵبەتە مەبەستم بچووککردنەوەو بێهەندکردنی ئەو "هەفتەی هەڵوێست" ەی کە ئێستا بۆ کەم وەزیری ژن لەکابینەی پێنجەم ئەنجام دەدرێ، بەڵام کاتێك ئەو هەڵوێستە واتادار دەبوو کە ئەو ڕێکخراوانە پێشەنگایەتی مەزنترین و بەربلاوترین هەڵوێستیان کردبایە بۆ داکۆکیکردن لەژنانی کەسوکار ئەنفالکراو و ژنانی کەسوکار شەهید کە بەدەیان هەزاریان لەسادەترین ماف بێبەشن و کەس ئاوڕیشیان لێناداتەوە. ئەو گەندەڵی و نادادی و دەسپۆتییەی کە کابینە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتەکانی کوردستان تا سەر ئێسقان دووچاری هاتوون هەبوونی بیست ژن یان سی ژن چ لەمەسەلەکە دەگۆڕێ؟!.، ئەگەر سیستەم و دەسەڵاتەکە خۆی بۆگەن و گەندەڵ بووبێت کارامەترین ژن یان کارامەترین پیاو دەتوانێت چی بکات؟.

لەکۆتاییدا، وێڕای دەستخۆشی لەو هەڵوێست نواندنەی ژنان لەبەرامبەر ئەو نایەکسانییەی لەکابینەی پێنجەم لەبەرامبەر ژنان کراوە، بەڵام پێویست دەکات ئەو هەڵوێستە هەر بۆ گەیشتنە دەسەڵاتی چەند ژنێك نەبێ، بەڵکو بۆ گۆڕانی سیستەمی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری ــ کولتووری و دادوەری ئینجا سیاسیش بێت.